**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١ )لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٠١٠/١١/٩ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠

## یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی دادێن، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم:** وەزارەت: وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزاری هەرێم.

**سێیەم:** وەزیر: وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم.

**چوارەم:** بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزاری هەرێم.

**پێنجەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم.

### ئامانجەکانی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئامانجی ئەمانەیە کە دادێن:

**یەکەم:** پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی شارەوانی و گەشتیاری بۆ دابین کردنی پێداویستی دانیشتووان لە ئاوی پاکی خواردنەوە و ئاوەڕۆی چڵکاو و بارانـاو و وێستگەی خاوێن کردنەوەی و دروست کردنی ڕێگا و پرد و تونێڵ لە نێو سنووری شارەوانییەکان و گوندەکان، لەگەڵ ناوچەکانی گەشتیاری و، بەرز کردنەوەی ئاستی هەمەجۆر خزمەتگوزاریی شارەوانی بە چەند و چۆنیەوە، لەگەڵ دابین کردنی پێداویستی هاووڵاتیان لە ناوچەکانی گەشتیاری و پارکەکاندا.

**دووەم:** پلان دانان و بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی کار و ئەرکەکان بەو جۆرەی بەشدار دەبێت لە بەدی هێنانی بووژانەوەی ناوخۆی ئابووری، لە ڕێی سیاسەتی کارای بەکارهێنانی زەوی و نەخشەدانانی ئاوەدانی، لەگەڵ پلان دانان و بەدواداچوون و پەرەپێدانی بزاڤی گەشتیاری لە چوارچێوەی پلانی گشتیی گەشتیاری لە هەرێمدا.

**سێیەم:** ئامادە کردنی کەشی گونجاو بۆ پاراستنی ژینگەی پاك و تەندروست و بایەخدان بە ناوچەی سەوز و چارەسەر کردنی خاشاکی رەق لە شار و شارۆچکەکان لەگەڵ ناوچەکانی گەشتیاری.

**چوارەم:** کار کردن بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنان، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێم لە چوارچێوەی یاساکانی کار پێ کراو.

## پێکهاتەی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت بریتییە لەم پێکهاتانەی دادێن:

**یەکەم:** وەزیر: ئەو سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستە کردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی، بەپێی حوکمەکانی یاسا هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەك لە هەموو شتێکی پەیوەندیی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتەکان و دەسەڵاتەکان و تێکڕای کاروباری تەکنیکی و کارگێڕی و ڕێکخستنەوە هەبێت، لەوەوە دەردەچن و بە چاودێریی ئەویش جێبەجێ دەکرێن، بەو سیفەتەی ئەندامێکی هاوکارە تێیدا، لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەرپرس دەبێت، بۆشی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بداتە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرانی گشتی یان کەسێك لە وەزارەتدا کە بە گونجاوی دەزانێت.

**دووەم:** بریکاری وەزارەت: یارمەتیی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروباری لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی لە لایەن وەزیرەوە پێی دەدرێن، بە مەرجێك بڕوانامەیەکی بەرایی پسپۆڕایەتیی زانکۆی بەدەست هێنا بێت.

**سێیەم:** نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکات و بەڕێوەی دەبات، بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەری دەبن.

**چوارەم:** نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکات و بەڕێوەی دەبات، بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەری دەبن.

**پێنجەم:** ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە چوار زیاتر نابێت و لەوانەی بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەیە و لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕین.

**شەشەم:** وەزارەت پێک دێت لەم بەڕێوەبەرایەتیانەی گشتی کە دادێن: هەر یەك لەوان بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێناوە و لەوانەی خاوەن شارەزایی و کردن(ممارسە)ن.

١- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دیوان.

٢- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلان و بەدواداچوون.

٣- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەخشەدانانی ئاوەدانی.

٤- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆژەکان.

٥- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ.

٦- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان.

**حەوتەم:** سەرۆکایەتیی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمدا. لە هەر پارێزگایەکدا سەرۆك شارەوانییەك بە گوێرەی جۆری تایبەتی شارەوانییەکە، سەرۆکایەتیی دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

دەستەی گشتیی گەشت وگوزار: سەر بە وەزارەت دەبێت و، کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی وکارگێڕیی دەبێت، فەرمانبەرێك بە پلەیەکی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکات، بڕوانامەکی بەرایی زانکۆی بەدەست هێناوە و، لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕین لە بواری گەشتیاریدا و، پێك دێت لە:

١- نووسینگەی سەرۆکی دەستە: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکات، بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێناوە و چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەری دەبن.

٢- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتیاری لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیاندا: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی هەر یەك لەوان دەکات، بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێناوە و لەوانەشە کە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕین لە بواری گەشتیاریدا.

٣- ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە: پێك دێت لە:

أ - سەرۆکی دەستە / سەرۆك.

ب - بەڕێوەبەرانی گشتی لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیاندا/ئەندام.

ج - دوو لە ڕاوێژکارانی وەزارەت کە وەزیر ڕایان دەسپێرێت/ ئەندام.

د - بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بە زۆرینە دەبن و وابەستە بە ڕاستاندنی وەزیر دەبن.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** وەزارەت ئەنجومەنێکی راوێژکاریی دەبێت، پێك دێت لە:

١- وەزیر سەرۆك

٢- بریکاری وەزارەت ئەندام

٣- سەرۆکی دەستەی گشتیی گەشت و گوزار ئەندام

٤- راوێژکاران ئەندام

٥- بەڕێوەبەرانی گشتیی وەزارەت ئەندام

٦- وەزیر بۆی هەیە هەر کەسێك لە ناو وەزارەت یان دەرەوەی بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەن بانگهێشت بکات، بە مەبەستی راوێژ لە کاتی پێویستدا بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**دووەم:** ئەنجومەنی ئەرکی پێشکەش کردنی راوێژ و پێشنیار بە وەزیر دەگرێتە ئەستۆ و، ئەگەر راستاندنی ئەوی بەدەست هێنا، سیفەتی بڕیاری وەزاری بەدەست دەهێنێت.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی ئاسایی و مەعنەوی، لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆرین لە ناوخۆی هەرێم بکات، بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو کار و ئەرکانەی پێی دەسپێردرێت و بۆ ئەو ماوەیەی بە گونجاوی دەبینێت، ئەویش بە مەبەستی بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانی وەزارەت و، ماف و پەیوەشتییان لە لایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت و، بەدەست هێنانی رەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر گرێبەست کردنە کە لەگەڵ کەسانی دەرەوەی هەرێمدا بوو.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** بە پەیڕەوێك ئەرك و پسپۆرایەتیی پێکهاتەکانی وەزارەت دیاری دەکرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لە نوێ بکاتەوە یان تێکەڵ بکات یان ئیلغا بکات.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** یاسای وەزارەتی شارەوانی ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٠٧ و، یاسای وەزارەتی گەشت وگوزار ژمارە(٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ـ عیراقەوە دەرچوون، ئیلغا دەبن.

**دووەم:** هەموو ماف و پەیوەستی و هەبوو و میلاکی وەزارەتی گەشت وگوزار دێتە ئەستۆی وەزارەتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بەردەوام دەبێت لە بەڕێوەبردنی هەرچی کە پەیوەندیی بە شوێنەوار و شوێنانی شوێنەوار و بینای کەلەپوور و دەستنووس و دراوەوە هەیە، تا کاتی دەرچوونی یاسایەکی تایبەت بەوان لە هەرێمدا.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەهەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**
**( د. کەمال کەرکووکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**هۆیەکانی دەرچوونی**

لەبەر تێکەڵ کردنی هەردوو وەزارەتی شارەوانی و، گەشت وگوزار لە کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا و، بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندیی گشتی و دانانی پەیکەرێکی گونجاو و چالاك بەپێی پێداویستەکانی کاتی ئێستا و، کەم کردنەوەی خەرجی و ئیلغا کردنی هەندێ پێکهاتەی کارگێڕی و ئاسان کردنی مامەڵە کردنی هاووڵاتیان لەگەڵ فەرمانگەکانی وەزارەت، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.